

# پەنجەکانی خۆت بکە بە مۆبایل

چەند ساڵێك لەمەوبەر نوکتەیەك دەگێڕدرایەوە کە باسی لە دوو سەرکردەی جیهان دەکرد یەکەمیان تەنیا دەستی خۆی دەبردە پەنا گوێی و دەستی بە قسەکردن دەکرد!! کاتێك بەرامبەرەکەی لێیپرسی ئەوە چ دەکەی گوتی وەڵامی تەلەفۆن دەدەمەوە چونکە وڵاتی من ئەوەندە پێشکەوتووە پێویست بەوە ناکات ئامێری مۆبایل هەڵبگرین ئامێرەکە لەپەنجەکانماندا جێگای کراوەتەوە!! بەڵام بەراستی ئەو نوکتەیەی نێوان سەرکردەکان ئەمڕۆ بوو بە ڕاستی، ئامێری Tip Talk کارێك دەکات کە تەنیا بە دانانی پەنجەکانی خۆت بۆ بناگوێتان گوێ لە پەیوەندییەکان بگری بۆ ئەمە نە پێویستی بە هێدستێکە و نە بە هیدفۆنێك! بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی بە ئاسانی دەنگی ئەوانە ببیسی کە پەیوەندیت پێوە دەکەن تەنانەت ئەگەر لە شوێنە قەرەباڵغەکانیشدا بی. ئامێری tip Talk وەك دەستبەندی کاتژمێرە دەتوانی بە ئاسانی کاتژمێرە هۆشمەندەکانیشی تیبخەی..



# هاردێکی ٤ تیرابایتی تایبەت بە ئێکس بۆکس وان

ئێکس بۆکس وان (xbox one) ئامێرێکی تایبەت بە گەیم کردنە و بۆ گەیمکردنیش هەمیشە دەبێت باشترین ئامێر لە بواری گرافیك و سەختە ئامرازەوە هەبێت ئەگینا یارییەکان ساپۆرت ناکات، واتە کێشەیان بۆ دروست دەبێت... هەرچەندە خودی ئێکس بۆکس داتاگە واتە هاردی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هاردەکە زۆر گەورە نییە و بۆ گەیمە ٤٠ گیگاییەکان ناگونجێت...

کۆمپانیای (سیگیت) لەم ڕۆژانەدا هاردێکی ٤ تیرابایتی بۆ ئەو ئامێرە بەرهەم هێناوە کە ئیدی لە کێشەی کەمبوونی جێگا بۆ داکردنی یارییەکان کۆتایی دێنێت.. تەنانەت ئەگەر هەر یارییەك ٥٠ گێگابایت بێت ئەو کاتیش دەتوانی ٨٠ یاری تێدا خەزن بکرێت.. بۆ یارییە بچووکەکانیش ئەوە ئەوەندە زۆرە لە هەزارانیش تێدەپەڕێنێت...

# قفڵێکی تایبەتی دیجیتالـــــ



هەر لە دێرزەمانەوە دوای وشەی قفڵ وشەی کلیل هاتووە، قفڵ بەبێ کلیل ناکرێتەوە، بەڵام لەسەردەمی دیجیتالیدا ئەم وشەیە باوی نامێنێ لەبری ئەوە وشەی نهێنی واتە کۆد، یان پەنجەمۆر یا کردنەوە بە مۆبایل جێگەی دەگرێتەوە... بۆ نموونە ئەو قفڵەی کە لێرەدا دەبینن تەنیا بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە، قفڵی Tapplock توانای خوێندنەوەی ٢٠٠ پەنجەمۆری هەیە، واتە دەتوانرێت پەنجەمۆری ٢٠٠ کەس بناسێت.. ئەو

# ئامێری یاری کردنی منـــــ



گەر ئاوڕێك بەسەر یاری و گەیمی منداڵانە تەنانەت بۆ دە ساڵیش رابردووش بدەینەوە، دەبینین ئامێری گەیمکردنی منداڵانە زۆر سادەبوون و ئەوپەڕەکەی کۆنترۆڵێکی بچووکیان هەبوو... بەڵام ئێستا چەند ساڵێکە ئەوانیش هەر ئامێرێکی گەمەکردنی ئاسایی نین و بگرە جگە لەوەی یاری پێدەگرێ دەتوانن منداڵەکانیش فێری زۆر شت بکەن، پێشووتر باسی ئامێرێکی منداڵانەمان دەکرد کە لە شێوەی کرمێکی هەزارپێ دەچوو منداڵان دەیان توانی بەهۆیەوە فێری پرۆگرام نووسین بن. تۆپی جۆری hackaballیش لەو تۆپە ئاساییانە

# دکتۆرە دیجیتالییەکان زۆرتر دەبن



سـەردەمێك دادێت مرۆڤەکان بۆ زۆر کێشـەی تەندروسـتی پەنـا بـۆ دکتـۆر نابـەن، بەڵکـو هـەر لەماڵەوە بەهـۆی ئەو ئامێـرە دیجیتالیانەی بەرهـەم هاتوون و لەمەودواش بەرهەم دێـن دەزانێـت چ کێشـەیەکی لـە تەندروسـتی دا هەیـە، ئـەوە سـەردەمی پێشـوو نییـە بـۆ زەخـت گرتـن و زانینـی ڕێـژەی شـەکرە و هەمـوو شـتێك پەنـا بـۆ دکتـۆر و بنکە تەندروستییەکان دەبردرا..

ئەو ئامێرە بچووکەی کە دەبینن بە ئامێری MightySat Pulse ox ناسـراوە، بەهـۆی هەسـتەوەرەکانی ڕێـژەی ئۆکسـیجێنی لە دەوروبەردا، لێدانی دڵ و چەند هێمایەکی تەندروسـتی دەزانێت.. لە راسـتیدا ئەو ئامێرە بۆ وەرزشوانان و فرۆکەوانـان زۆر گونجـاوە. گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە کە بەبێ مۆبایلیش دەکرێ زانیارییەکان راستەوخۆ بزانی چونکە لەسەر شاشە بچووکەکەی زانیارییەکان نیشان دەدرێن..

## ــــــی بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە



قفڵە زیرەکە هەستەوەری تایبەتی تێدایـە و پەنجەمـۆرەکان لەخۆیـدا خـەزن دەکات و دەیناسـێت.. قفڵـە هۆشـمەندەکە دەتوانێـت بـە بلوتوسـی مۆبایلیش بکرێتەوە.. لەماوەی ٨ چرکەدا قفڵەکە دەبێتەوە.. ئەگـەر کەسـێکیش کـە پەنجەمـۆری تێـدا خـەزن نەکـردووە نیـازی کردنـەوەی بێـت دەسـت دەکات بـە لێدانـی زەنگـی هۆشـیارکردنەوە... قفڵەکـە ئەگـەر جارێك شـەحن بکرێتەوە هەتا سێ ساڵ دانابەزێت..

## فلاش میمۆری بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە

فـلاش میمۆری لەم سـەردەمەدا بانکی زانیاری تاکەکەسـییە، زۆر کەس گرنگترین فایل و داتاکانی لە فـلاش میمۆریدا دادەنێت، چونکـە داکردن و دەرهێنانی داتـاکان کـورد گوتەنـی وەك ئـاو خواردنەوەیە.. هەموو چەند چرکەیەك ناخایەنێ.. هەرئەو ئاسان بەکارهێنانەش وای کردووە کە دزینی داتاکان و دزە کردنە ناو فلاشەکان زۆر ئاسان بێت.. راستە دەکرێت بەهۆی پرۆگرام کۆدی لەسەر دابندرێت، یان جۆرێك لە فلاش هەیە خۆی کۆدی نهێنی لەسـەرە.. فلاش میمۆری جۆری AH٦٥٠ کە هـی کۆمپانیـای ACERە لەم رۆژانەدا بەرهەم هاتووە و بـۆ پاراسـتنی زانیارییەکانی ناوی پێویسـتی بە پەنجە مـۆرە، واتە تەنیا بە پەنجەمۆری خاوەنەکەی دەکرێتەوە و زانیاریـیـەکان دەخرێنـە سـەری یـان دەردەهێنرێـن.. فلاش میمۆرییەکە لەبواری ئەمنییەتییەوە دوو خەڵاتی وەرگرتـووە. قـەوارەی فـلاش میمۆرییەکـە ٣٢ و ٦٤ گیگابایتە..



## ــــــداڵان بەرەو سمارت دەچن

نییـە. بەهۆیەوە دەتوانرێـت منداڵان فێری پرۆگرام بکەی.. لەنـاو تۆپەکـەدا هەسـتەوەر واتە (سینسـەر)ێکی جوڵەداری شـەش لایە هەیە و گلۆپەکانی LED چەندین رەنگ نیشـان دەدەن. بەهـۆی ئەو سیسنسـەرەوە دەتوانرێـت رەنگی تۆپەکە کاتێـك فرێـی دەدەی دەگـۆڕدرێ.. بـە داگرتنـی تۆپەکـە رەنگەکە زیاد و کەم و دەکات.. تۆپەکە بەهۆی پرۆگرامێك کـە لەسـەر ئایفـۆن یان ئایپـاد دادەنرێت دەکـرێ پرۆگرامی بۆ دابنێی..

# دەستەوانەی دیجیتالی وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە

لە هەندێك وڵاتی جیهاندا کەش و هەوا بەرادەیەك ساردە کە تەنانەت دەرهێنانی مۆبایل و وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکانیش زۆر سەختە.. بۆیە لەو وڵاتانەدا دەستەوانە لە وەرزە ساردەکاندا بۆ ئەوەی پەنجەکانت نەتەزن زۆر پێویستە... بەڵام چونکە مۆبایلەکان هۆشمەند و لەمسین دەستێك کە دەستەوانەی تێدا بێت پێی ناکرێت وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە.. یان دەبێت پەنجەوانەکە دەربێنێت یان واز لە وەڵامدانەوە بێنێت.. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە



## پرۆگرامێک لە مۆبایلدا شوێنی زۆربەی پرۆگرامەکان دەگرێتەوە

مۆبایل لە هەموو ئامێرەکانی دیکەی تەکنەلۆژیای سەردەم گشتگیرترە، ئێستا ئەرکی زۆربەی ئامێرەکانیش ئەنجام دەدات.. رۆژانە سەدان پرۆگرامی نوێی مۆبایل بەرهەم دێن.. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان پرۆگرامی power toolsە کە زۆربەی پرۆگرامەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە، زەنگی هۆشیارکردنەوە، ئاگادارکردنەوە بەدەنگ، داخستنی پەیوەندییە نەخوازراوەکان، تۆمارکردنی پەیوەندییەکان، کۆنترۆڵکردنی کورتەپەیامە نەخوازراوەکان، پارێزگاری لە پرۆگرامەکان، هەروەها کۆد دانان لەسەر پرۆگرامەکانی پێ ئەنجام دەدرێ، جگە لەوەش، خەزن کردنی وزە، واتە لە کاتی خۆیدا ئەو پرۆگرامانەی کراونەتەوە و وزە دەبەن دادەخات و وای-فای و بلوتوس دەکوژێنێتەوە. بە کورتی پرۆگرامێکی جۆکەرە و هەموو ئەرکێکی پێ ئەنجام دەدرێت..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت چ بکەم کە ئەو ئیمێلە نەخوازراوانەی بۆ Gmailەکەم دێن بلۆکیان بکەم؟**

خوێنەری بەرێز لەم چەند ساڵەی دواییدا خزمەتگوزاری Gmail زۆر خزمەتگوزاری بۆ زیاد بووە، بە جۆرێك کە پێش سیستەمی ئیمێلی یاهوو کەوتۆتەوە، بۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەبێ بڵێم زۆر ئاسانە و سەرەتا بچۆ سەر ئەو ئیمێلەی کە ناتهەوێ بۆت بێت بکەوە و پاشان فەرمانی reply/reply all لێبدە و دواتر فەرمانی block لێبدە.. ئیدی هیچ کات لەو ئەدرەسەوە ئیمێلت بۆ نایەت...




کۆمپانیایەك پەنجەوانەیەکی بەرهەم هێناوە کەبە Bear Tek ll ناسراوە. پەنجەوانەکە پادێکی پەیوەندی لەسەر پەنجەی گەورە و ٦ خاڵی دیکەی لەمسی لەسەر سێ پەنجەی دیکە هەیە. بەبێ ئەوەی مۆبایلەکە دەربێنی دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە، گوێ لە گۆرانی و مۆزیکی سەر مۆبایلەکەت بگری.. پەنجەوانەکە لە کامێرای GoPro کە کامێرایەکی تایبەت بە وەرزشوانانە پەیوەند دەدرێ و دەکرێت هەر بەپەنجەوانەکە کامێراکە کۆنترۆڵ بکەی و وێنە بگری..

## دەستبەندێک لەکاتی پێویستدا گیانت رزگار دەکات




لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا زیاتر لە دوو ساڵە دەستبەند و مەچەکبەندی دیجیتالی خەریکە شوێن بە کاتژمێر لەق بکات، ماوە ماوە دەستبەندێکی نوێ لەلایەن کۆمپانیایەکەوە دێتە بەرهەم و بەتایبەتمەندییەکی نوێوە.. بەم دواییەش کۆمپانیای Wisewear دەستبەندێکی نوێی بەرهەم هێناوە بۆ رزگارکردنی خاوەنەکەی لەکاتی زۆر پێویستدا..

بۆ نموونە چوویەتە سەرچیاو ون بوویە یان لە شوێنیکی دیکە کارەساتێك بۆهاتۆتە پێش هەر ئەوەندە بەسە دوو جار دەستبەندەکە دابگری ئیدی شوێنەکەت بە کورتەپەیامێك بۆ ئەو ژمارە مۆبایلانە دەنێرێت کە پێشتر بە دەستبەندەکە دراوە. هەرچەندە مۆبایل و تەبلێتیش ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدایە بەڵام رەنگە جاری وا بێتە پێش کە دەستت بە مۆبایلەکەت رانەگا، یا مۆبایلەکەت لەبیرچووبێ یان چەتە و رێگر و نەیارێك ئیزن ئەو مەجالەت پێنەدەن دەست بۆ مۆبایلەکەت بەری.. دەستبەندەکە بە socialite ناسراوە، ستایلەکەی زۆر جوانە و سێ جۆریان هەیە زێڕ و زیو و نیکل... هەرکاتێك خاوەنەکەی تووشی گرفت بوو هەر ئەوەندە بەسە دووجار دەست بە شاشە لەمسیەکەی دابێنێ و شوێنەکەت بۆ ئەو ژمارانە بەرێ بکات کە تێیدا تۆمار کراون.



## سایتێکی بۆ دابەزاندنی پرۆگرام دوای ویندۆزدانان

کاتێك کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات دەکەیەوە هەموو پرۆگرامەکان دەسڕدرێنەوە، ئیدی ناچاری یەکە یەکە دایان بنێیەوە.. ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت.. سایتی https://ninite.com/ بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، دوای ئەوەی ویندۆزت دانایەوە سایتەکە دەکەیەوە و لیسێك لەو پرۆگرامانەی زۆر پێویستن لە سایتەکە هەڵدەبژێری و بە کرتەیەك (کلیك) هەموو پرۆگرامەکان دادەبەزنە سەر کۆمپیوتەرەکەت..